# "گوایە دەبێ بچینە کوێ؟"

## وێرانکاری و ڕاگواستنی زۆرەملێ لە کەرکووک

# 1 . کورتەی باس

دوای هێرشی مەرگبار و بەباشی ڕێکخراو و جێگەی سەرسووڕمانی ئەو گرووپە چەکدارەی وا خۆی بە دەوڵەتی ئیسلامی (د ا) ناودەبات، بۆ سەر پارێزگای کەرکووک لە ۲۱ی تشرینی یەکەمی ۲۰۱٦دا، عەرەبی ئاوارەبووی کەرکووک و عەرەبی نیشتەجێی پارێزگاکە، تووشی نشوست هاتوون. لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی دەریدەخات کە، لە وەڵامی هێرشەکەدا، دەسەڵاتداریەتی لە کەرکووک ماڵی سەدان عەرەبی سوننەی دانیشتووی کەرکووک و ئەو عەرەبانەی وێران کردووە کە لە پارێزگاکانی ئەنبار، دیالە و سەلاحەددینەوە هەڵاتبوونە ئەوێ و بە زۆرە ملێ سەدان بنەماڵەیانی دوای دەرکردن لە کەرکووک، ناردۆتە ناو کامپەکان. لێکۆڵەرەکان هەروەها دەریدەخەن کە هێزە ئەمنییەکان لە کەرکووک فەرمانیان بە دانیشتووانی عەرەب و خەڵکانی ئاوارەی ناوخۆیی (IDPs) داوە بگەڕێنەوە شوێنەئە سڵییەکانی خۆیان و بەڵگەی هەویەکانیان لێ زەوت کردوون. باوەکوو هەڕەشەی دژ بەو تاکەکەسانە تا ئێستا بەڕێوە نەبراوە، بەڵام ئێستاش لە ژێر هەڕەشەی دەرکران و گەڕانەوەی بەزۆرەملیدان.

لە کاتێکدا دەسەڵاتداریەتی لە کەرکووک ڕووبەڕووی کێشەیەکی یەکجار زۆری ئەمنی بۆتەوە، و ئەرکی پارێزگاریی ژیان و ئاسایشی هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیەیان لەسەر شانە کە بە کردەوە لەژێر حوکمی ئەواندایە، دیسانەکەش دەبێ لایەنی ئاسایش پێویست و هاوڕێژە بێت و مافەکانی تریش پارێزراو ڕابگرێت. ئەو شایەدییانەی وا دوای ۲٤ ی تشرینی یەکەم – لە لایەن لێکۆڵەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییەوە لە شوێنەکەدا، لە ئاوارەکانی ناوخۆیی و دانیشتووانی دیکەی کەرکووک، ڕێبەرانی کۆمەڵگایی، چالاکان و سیاسەتمەداران گردوکۆکراون و بە بەڵگەی وێنەی فۆتۆگرافیی وێرانییەکان و ئیفادەی فەرمیش پشتگیری دەکرێن، وا پیشان دەدەن کە حکوومەتی نیوە سەربەخۆی هەرێمی کوردستان (KRG)، کە بەکردەوە کۆنترۆڵی کەرکووکی بەدەستەوەیە، بەهۆی پێشێل کرانی یاسای ناونەتەوەیی مرۆڤخوازیی و یاسای مافەکانی مرۆڤەوە، چۆنیەتی وەڵامدانەوەی بە هەڕەشە ئەمنییەکان پەڵەدار بووە.

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ۲۰۱٤ دا خاک و ئاوی عیراقی ڕامالّی، سەدان هەزار ئاوارەی ناوخۆیی پەنایان بردە بەر کەرکووک، بەڵام ڕووبەڕووی بەربەستی جارلەگەڵ جار قایمتر بوونەتەوە لەسەر ئازادیی جووڵانەوەیان و توانای مسۆگەر کردنی شوێنێک بۆ نیشتەجێ بوونیان لە شاری کەرکووک. بانگەوازی کاربەدەستانی کەرکووک و سیاسەتمەداران بۆ گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ شوێنە ئەسڵییەکانی خۆیان کە لە دەست دەوڵەتی ئیسلامی دەرهێنراون، تەنانەت دوای هێرشەکە بەرزتریش بۆتەوە، ئەویش لە جەنگەوی ئەو تۆمەتبار کردنانەدا کە دەگوترێ ئاوارە ناوخۆییەکان لە ماڵی خۆیاندا شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامییان داڵدە داوە.

دەسەڵاتداریەتی کەرکووک تەرکیزی لەسەر کشاندنەوەیانە لەو ناوچانەی وا لە ڕۆژی ۲۱ ی تشرینی یەکەمدا شایەدی هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی بوو. ئەوان دانیشتوانیان بە زۆر لە ماڵ دەرهاویشتووە و ماڵەکانیان لە گەڕەکی واحد حوزەیران لە شارەکە، کە زۆرێک دانیشتوو و ئاوارەی ناوخۆیی عەرەبی پارێزگاکانی تر لەخۆی دەگرێت، وێران کردوون. دەسەڵاتداریەرتی دەڵێ تەنیا نیشتەجێ نافەرمییەکانیان وێران کردووە کە دانیشتووەکانیان بە بێ مۆڵەت، لە سەر زەویی حکوومی دروستیان کردبوو. بێ ئەوەی گوێ بدرێتە هەل ومەرجەکەیان، هێشتا ئەو دانیشتووانە مافی ئەوەیان هەیە لە بەرانبەر دەرکردنی بەزۆرەملیدا، کە بە گوێرەی یاسا ناونەتەوەییەکان مەنع کراوە، پارێزگارییان لێبکرێت. دەسەڵاتداریەتی هەروەها لە ڕۆژی ۲۱ ی تشرینی یەکەمدا، دانیشتوانیان لە شوێنی خۆیان لە گوندی قوتان و قوشکەیە لە ناحیەی دبسی پارێزگای کەرکووک ڕاگواستووە و لە قوتان ماڵەکانیشیان ڕووخاندووە.

"موهەیمەن"، کە لەبەر خاتری پاراستنی ناسنامەکەی، ناوی گۆڕاوە، باوکی ٤٠ ساڵەی ١٠ منداڵ و خەڵکی گوندێک لە پارێزگای کەرکووک، لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە دوو جاران بە زۆر لە ماڵ دەرکراوە، یەکەم جار لە ساڵی ۲۰۱٥ دا و جارەکەیتر لە ۲٥ ی تشرینی یەکەمی ۲۰۱٦ دا. ناوبراو بۆ ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گێڕایەوە چۆن پیاوانێک بە جل وبەرگی یەکنەوای سوپاییەوە ڕۆژی ۲٥ ی تشرینی یەکەم دانیشتووانیان بە ملهوڕی لە واحد حوزەیران دەرکردووە و درەنگتر هەمان شەو بولدوزەر ماڵەکانیانی ڕووخاندووە.

**"پێشمەرگە [هێزی سوپایی کوردی] فەرمانی پێدام لە گوندەکەی خۆم بڕۆمە دەرەوە، هەربۆیەش ماڵم لێرە بنیات نا... ئێستا ئێمە جارێکی دیکە بێ ماڵ وحاڵ کەوتووینەتەوە، و هەمووومان لە ماڵی براکەم پەنامان گرتووە. گوایە دەبێ بچینە کوێ؟"**

پارێزگاری کەرکووک نەجمەددین کەریم، ئەوەی داوەتە دواوە کە سیاسەتێکی فەرمی بۆ ڕاگواستن هەیە و بە ئاشکرا بەڵێنی داوە ئاوارە ناوخۆییەکان نەنێرێتەوە ئەو ناوچانەی وا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدان یان ئەو شوێنانەی وا تێیدا شەڕ بەردەوامە، کە نیاز لە مووسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری بووە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە سەر ئەو بڕوایەیە کە هەموو گەڕانەوەیەک دەبێ بە خواستی خەڵکەکە بەڕێوە بچێت. ئەوەش بە تایبەت خاوەنی گرنگایەتییە کە لەبەر ئەوەی بەهۆی شەڕی بەردەوام، نەبوونی ئاسایش و هێرشکاریی تۆڵەسەندنەوەی بێ سزادرانی میلیشیا نیوە سوپاییەکان، هەروەها بەهۆی مەنعی ڕاشکاوی گەڕانەوەی هەندێک لە ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ شوێنی ئەسڵیی خۆیان لەلایەن هەردوو لایەنی دەسەڵاتداریەتی عیراقی و کوردییەوە، گەرچی ئەو شوێانە لەمێژیشە لە دەست دەوڵەتی ئیسلامی ئەستێنراونەتەوە وهێزەکانی حکوومەت ئاسایشیان تێدا مسۆگەر کردووە، هێشتا گەڕانەوەی بە متمانە بۆ سەدان هەزار کەس لە ئاوارە ناوخۆییەکان، دیمەنێکی دوورەدەستە.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی بە توندی داوا لە دەسەڵاتدارانی کورد دەکات دەست بەجێ کۆتایی بێنن بە ڕاگواستنی زۆرە ملێ و تێکدانی ناقانوونیی ماڵی دانیشتووانی عەرەب و ئاوارە ناوخۆییەکان و بەڵێن بدەن ئاوارە ناوخۆییەکان نەنێرنە دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یان بە هەوەسکاری گوشار نەخەنە سەر دانیشتووانی عەرەب کە بە زۆر لە ماڵەکانیان دەر بکەن و لە ناو کامپەکاندا نیشتەجێیان بکەن.

# ٢. ئەنجام و ڕاسپاردەکان

ئاوارە ناوخۆییەکانی عەرەبی سوننە، لە عیراقی ناوەندی و هەرێمی کوردستان –عیراق، گەلێک جار بە دەست کردەوەکاری جیاجیاوە تووشی دەستدرێژیی چەندقات بوونە: هەم لەو ماوەیەدا کە لە خاکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا ژیاون، هەم لە ماوەی سەفەری هەڵاتندا و هەم لەو شوێنانەی وا پەنایان بۆ دەبەن و داڵدەیان لێدەخوازن.

زۆرێکیان هەڵبژاردنێکی کەمیان لەبەردەستدایە، بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە نە دەتوانن بە سەلامەت بگەڕێنەوە ماڵەکەیان و نە دەشتوانن ژیانێک لە شوێنی دیکە بنیات بنێن. ئازادیی جووڵانەوەیان کەوتۆتە بەر بەزەیی ڕەوتێکی بیرۆکراسی لێڵ و پێش بینی نەکراو کە لە نێوان پارێزگاکان و لە ناو هەرکامێکیاندا دەگۆڕێت و بە هۆی گەندەڵییەوە ئاڵۆز بووە، و بە کردەوە واتای ئەوەی هەیە کە بەشی گەورە لەو ڕەنج و نارەحەتییە بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە جێ بەزەیی ترین و هەژارترینن، کەس نییە پشتگیرییان بکات و هیچ پەیوەندیک و پارەیەکیشیان نییە.

دەسەڵاتداریەتی کورد و عیراقی دەبێ پێکەوە ئیش بکەن بۆ خوڵقاندنی ژینگەیێکی ئەوتۆ کە دەرەتان پێک بهێنێت بۆ گەڕانەوەی دڵخوازانە و سەلامەتی ئاوارەکانی ناوخۆیی. ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو دەستدرێژییانەی وا ڕووبەڕووی ئاوارەکانی ناوخۆیی و دانیشتووانی عەرەبی کەرکووک بۆتەوە و بۆ بەرگریکردن لە دووپات بوونەوەیان لە ناوچەکانیتر، بە شاری خانەقینی پارێزگای دیالەوە، ئەم ڕاسپاردانە ڕادەگەیێنێت.

بۆ دەسەڵاتداریەتی کوردی:

- فەرمانی ڕاگواستنی هاوڵاتیان بوەستێنن، مەگەر کاتێک کە بۆ ئاسایشی خۆیان پێویست بێت یان لەبەر هۆکاری ناگوزیری سوپایی. لە هەل ومەرجێکیشدا کە ڕاگواستن چاری ناچار بێت، دڵنیا بن کاری ڕاگواستنەکە بە شێوەیەک بەڕێوە بچێت کە لە باری ئاسایش، خواردەمەنی، تەندروستی و پاک وخاوێنییەوە جێگەی ڕەزامەندی بێت و خانووبەرەی بەرێ وجێ بۆ ئەو کەسانەی وا ڕادەگوێزرێن دابین بکرێت، و ئەندامانی بنەماڵەش لە یەکتر جیا نەکرێنەوە.
- وێرانکردنی ماڵ و مڵکی خەڵکانی مەدەنی؛ گەڕاندنەوەی بەزۆرەملێی کەسانێک کە لە ناوخۆی وڵاتدا ئاوارە بوون؛ و دەرکردنی بە زۆرە ملێی دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک لەو ماڵانەی وا لە شاری کەرکووک یان گوندەکانیدا خاوەنیەتی دەکەن یان بەکرێیان گرتوون و جێگیر کردنیان لە کامپەکان، دەست بەجێ بوەستێنن.
- قەرەبووی هەموو هاوڵاتییەک بکەنەوە کە ماڵ یان مڵکیان لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە غەیرە قانوونی وێران کراوە و ئەوانەش وا وا بە زۆر ماڵیان پێ چۆڵ کراوە؛ هەروەها مۆڵەت بدەنە ئەو هاوڵاتیانەی وا ماڵیان لێ وێران بووە، دروستی بکەنەوە و ماڵێکی جێگری ماڵی خۆیان پێ بدەنەوە کە بتوانرێت لەگەڵ ئەوەی خۆیاندا بەراورد بکرێت.
- بە بێ هیچ مەرجێک کارتی هەویە و هەموو بەڵگەیەکی سەرەکیی تر بدەنەوە بە عەرەبی دانیشتووی کەرکووک و ئاوارەکانی ناوخۆیی.
- هەموو بەربەستێکی هەوەسکارانە و هاڵاواردن لە سەر ئازادیی جووڵانەوەی عەرەبی سوننە و ئاوارەکانی ناوخۆیی هەڵبگرن و کۆتایی بێنن بە دەرکردنی ئاوارەکانی ناوخۆیی لە سەر بنەمای ئاسایش.
- مۆڵەت بدەن و کارهاسانی بکەن بۆ ئەوکەسانەی وا بە زۆر ڕاگوێزراون بتوانن بە ڕەزامەندی خۆیان و بە سەلامەت بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ڕەوتێکی شەفاف دابمەزرێنن بۆ ئاگادار کردنەوەی دانیشتووانی ڕاگوێزراو لە چۆنیەتی دەست ڕاگەیشتن بە ماڵەکەیان و دۆخی ئەو زیانانەی بە گوندەکەیان گەیشتووە و ئەو ڕەوت و پێوانانەی وا بۆ دانیشتووان پێویستن لە پێناو وەرگرتنی مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و گوندەکانیان.

بۆ دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ناوەندی

- مۆڵەت بدەن و کارهاسانی بکەن بۆ ئەوکەسانەی وا بە زۆر ڕاگوێزراون بتوانن بە ڕەزامەندی خۆیان و بە سەلامەت بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ڕەوتێکی شەفاف دابمەزرێنن بۆ ئاگادار کردنەوەی دانیشتووانی ڕاگوێزراو لە چۆنیەتی دەست ڕاگەیشتن بە ماڵەکەیان و دۆخی ئەو زیانانەی بە گوندەکەیان گەیشتووە و ئەو ڕەوت و پێوانانەی وا بۆ دانیشتووان پێویستن لە پێناو وەرگرتنی مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و گوندەکانیان.
- دەست بەجێ کۆتایی بهێنن بە سیاسەتی بەرگریکردن لە کەس وکاری گومانلێکراوانی ئەندامیەتی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو ماڵەکەیان.

- بەرگری بکەن لە هێرشی تۆڵە سەندنەوە بۆ سەر ئەوانەی وا گەڕاونەتەوە، لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی ڕێبەرایەتی و کۆنترۆڵێکی کارای هێزە چەکدارەکانی عیراقەوە بەسەر میلیشیا نیوە سوپاییەکاندا، و دانانی چاوەدێرییەکی بەکردەوە و شێوازێکی بەرپرسیایەتی بۆ دام و دەزگا مەدەنییەکان.